گەیاندن وپەیوەندییەکانی عێراق وادەی قەدەغەی بانگەشەی میدیایی ئاشکرا کرد



دەستەی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی عێراق دەڵێت، بە ئامانجی دروستکردنی ژینگەیەکی پیشەیی و بەرپرسیارانە بۆ هەڵبژاردنەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بڕیاری قەدەغەی بانگەشەی میدیایی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەمڕۆ پێنجشەممە ٦ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، بەگوێرەی نووسراوێکی دەستەی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی عێراق کەدەستی موتەبەع کۆتووە قەدەغەی بانگەشەی میدیایی لە کاتژمێر حەوتی بەیانیی ڕۆژی شەممە، ٨ـی تشرینی دووەم، دەستپێدەکات و تا کاتی داخستنی دوایین بنکەی دەنگدان بەردەوام دەبێت.

لە نووسراوەکەدا هاتووە، ئەم بڕیارە لە چوارچێوەی ڕەچاوکردنی دەستووریی دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندنداید بۆ ڕێکخستنی کەرتی راگەیاندن و گەیاندن لە عێراقدا، ئامانج لێی مسۆگەرکردنی هەڵبژاردنێکی پاک و بێ لایەنانەیە، دوور لە کاریگەریی بانگەشەی کەتایی کاندید و هاوپەیمانێتییەکان.

دەستەکە جەخت لە پابەندبوونی هەموو دەزگاکانی راگەیاندن دەکاتەوە بۆ ماددەی شەش، بەگوێرەی (٢، ٤، ٥)ی "پەیڕەوی یاساکانی گواستنەوەی میدیایی لە هەڵبژاردنەکان.

بەپێی یاساکە، بڕاوکردنەوەی هەر جۆرە بانگەشەیەکی داستۆخ یان ناڕاستۆخ بۆ کاندید یان قوارە سیاسییەکان قەدەغەیە.

بڕاوکردنەوەی هەر مامدەیەک بۆ ئامانجی ناوزڕاندنی کاندید یان قوارەیەک لە ماوەی قەدەغەکردنی بانگەشەدا ڕێگەپێنەدراوە.

هەر قسەیەک یان مامدەیەکی ڕاگەیاندن کە ئاماژە بۆ کاندید یان قوارەیەکی سیاسی بکات (بە یان دژی)، وەک بانگەشەی هەڵبژاردن دادەنرێت.

لە کۆتایدا دەستکە داوا لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکات ببنە هاوبەشێکی نیشتمانی لە سەرخستنی پڕۆسەی هەڵبژاردن، بە پابەندبوون بەم ڕێوشوێنانە و دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام بۆ دەنگدەران، تاوەکو بتوانن بە دوور لە بانگەشە بەیارەکانیان بدەن.

بەیارە سەرەکییەکانی داهاتوو ١١ـی ١١، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت، پێویستە پێش هەڵبژاردن هەموو جۆرە بانگەشەیەک بووەستێندرێت.